www.kurdistannet.org
23-4-2003 19:52

# بۆ کۆفی عەنان لەسەر کارەکەی ماوە؟؟!!

## عەلی مەحمود محەمەد ٢٣-٤

## بەشی یەکەم

ڕۆژی ٢٠-٤ بەڕێز تاهیر حەسەن سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی ححکع نامەیەکی مێژویی ئاراستەی بەڕێز کۆفی عەنان کرد، پێش ئەوەی ناوەڕۆکی نامەکەی بخوێنموە باوەڕم وابوو ئەم ڕابەرە کۆمۆنیستیەی عێراق ئاگادارە بەڕێز کۆفی عەنان ماوەیەکە بێکارە وەکەو ئەرکێکی مرۆڤ دۆستانە کارێکی بۆ دۆزیوەتەوە یاخود داوای لێ دەکات ناوی خۆی لە یەکێتی بێکاران بنوسێت تا لە ئایندەی نزیکدا پاش ئەوەی کرێکارانی نانە قەیسی بەدەسەڵاتە گەن کارێکی لە کۆماری سۆسیالستی عێراقدا بۆ بدۆزنەوە. وەک ئاگادارین زۆربەمان کە مامە کۆفی عەنان لە دوای ١٩-٣ ەوە بێکارەو کەس گوو بەکڵاوی ناپێوێ هەرچەندە من زۆر نیگەرانم بۆ کڵاوەکەی، دەبوایە کاکە تاهیر وەک ڕابەرێکی کرێکاری کە ڕابەرایەتی نارەزایی دەیان ملوێنیان کرد لە جیهانداو ملوێنان کەس لە نارەزایەتیەکاندا وێنەکانی ئەویان بەرز کردبوەوە ئەمەی بزانیایە و خۆشحال بوایە بەوەی دەزگایەکی ئەمپریالستی وا هەلوەشاوەتەوە. نازانم بۆچی پێش بێکاری یەکەی ئەنان هیچ نامەی بۆ نەنارد، ئەوەش وەڵامەکەی ڕونە عێراق لەو کاتەدا ئارام و ئاسایش بوو. کۆفی عەنان ئێستا هەر نامەیەکی بۆ دەچێت کروزە لە جەرگیەوە دێت ئاە بۆ ڕۆژە پرشنگدارەکانی یو ئێن دەخوات. بەمەش کاکە تاهیر برینی کولاندەوە. بەڵام کە نامەکەی کاکە تاهیرم خوێندەوە بینیم یاداشتنامەکەی لە سەر کەرکوکە. یەک پرسیار لە کاکە تاهیر دەکەم هیوادارم وەڵامم بداتەوە هەرچەندە ئێمەی ڕەعیەت هەر نامە دەنوسین و ڕوو لەسەرکردەکانی دەکەین و ئەوانیش نایخوێننەوە بە هیوام ئەمجارەیان سەرۆک تاهیر وەڵام بە هاوڵاتیەکی خۆی بداتەوە، پرسیارەکەم نەئیمتحان کردنی ئەوە لەسەر مارکسیزم ئەوە دەزانم مەکتەب بوایە بە سێ سال پۆلێکی نابڕی بەلکە ئەوەیە تو ڕەنگی ئاڵاکەت تا ئێستا چەند نامەت بۆ کۆفی عەنان نوسیوە لەسەر ١٨٢٠٠٠ ئەنفال، ٨٠٠٠بارزانی، ٥٠٠٠هەلەبجە، ٤٥٠٠لادێ و شاری ڕوخاو، دەرکردنی سەدان هەزار کورد لە کەرکوک و هێنانی سەدان هەزار عەرەب.

هەرچەندە نامەکەی کاکە تاهیر بەمردویی لەدایک بوو بێخەبەر کەشکەک سەلەوات ١٧-٤ کۆفی عەنان نامەی نارەزایی خۆی دەر کرد چوار ڕۆژ نامەکەی دوا بکەوتایە بەخوا دەبوە دەسکەوتی کاکە تاهیر دەوترا لە ژێر پالەپەستۆی ئێمە ئەم نامەیە دەرکرا بەڕاستی عەنان بێ نمەکە، هەرچەندە ئەو عەنانە باوەڕا ناکەم یەک نامەی کوردی خوێندبێتەوە. عەنان ئەمە ٥٠ سالە کوردی بە سزمان نامەو یاداشتنامە پێشکەش بەو دەزگایەی ئەو دەکەن یەکجاریش بەوەندەش وەڵامیانی نەدایەوە بلێن نامەکانتان گەیشت، هیوادارم کاک تاهیر پێی گەیشت ئەم گازندەیەی منی پێ بگەیەنێت. ٢ پارێزگاکەی کەرکوک کاریان لە هەولێر و دەربەندیخان تەنها نوسینی بیرخەرەوە بوو بۆ پترس غالی مەرحوم و پاشان کۆفی عەنانی بێکار. لە دەیان هەزار بیرخەرەوە وەڵامی یەک نامەشیان نەدایەوە ئیتر نازانم ئێستا خەفەت لە بێکاری یەکەی عەنان بخۆم یاخود جۆکەرە سوتاوەکان ڕوسیاو چین و فەرەنسا. کاتێک کورد یەک لە ملوێنی ڕژێمی فاشستی بەعس ناکات یاداشتنامەو قیرەیان ئاسمان دەگرێت ئەگەر عەنان یەکجاریش وەڵامی کوردی دابێتەوە ئێستا جێی خۆیەتی ڕێز لە یاداشتنامەکەی بگرترێت. هەرچەندە من بۆ خۆم دژ بەتاوانم بەرامبەر هەر مرۆڤێک ئەنجام بدرێت، تاوان هەر تاوانە کورد بیکات یان عەرەب، سەری ژێر جامانە یان ژێر عگال. کاکە تاهیر لە نامەکەیدا

دەنوسێت (چەندین گەڕەکی چەند هەزارمال عەرەب نشینی) لە کاک تاهیر دەپرسم ئەم ماڵانە کێن و چۆن گەیشتنە کەرکوک و بۆ چی هێنران ؟. پاشان دەنوسێت (هەزاران ئینسانی عەرەب کە زیاتر لە بیست سالە، جا بە خۆشی خۆیان بێت هاتبێتن بۆ کەرکوک یان بەزۆری ڕژێمی بەعس، ئێستالە بەردەم مەترسی دەرکردن و پاکتاوکردنی قەومیدا قەراریان گرتوە و نازانن چی بکەن) کاک تاهیر هەرچەندە سکرتێری حزبەکەی و زۆربەی قاعیدەو قەواعیدی حزبەکەی خەلکی کەرکوکن نازانم بۆ خۆی کەرکوکی بینیوە یان نا، نازانم لە سەردەمی بەعسدا ڕێکخستنەکانی حزبتان هیچ ڕاپۆرتێکیان لە سەر کار و کردەوەکانی بەعس ناردوە بۆ حزب یان نا لەسەر چەوساندنەوەی کورد لە کەرکوک کاکە تاهیر نەک هەزاران ئێستا سەدان هەزار عەرەب لە

کەرکوک ژیانیان، چارەنوسی مانەوەیان لە مەترسی دایە بەڵام ئەوەندەش ماندوو بوون بکێشە بزانە ئەو سەدان هەزارە بۆ چی گەیشتونەتە کەرکوک خۆ لافاوی خاسە نەیانی هێناوە. بزانە خانوو ماڵی کوردەکان کێ لەسەری دەژێت، وە سەیرێکی لیستی ئەو بەزۆر هێنراوە بە سزمانانە بکە کە نۆرەی خانوو دەرچونیان دەگرت لە کەرکوک، کەرکوک ببوە ئەرز میعادیان. ئەوەی حزبی دلسۆز و لە دەزگا سەرکوتکەرەکان نەبونایە شانسی هاتنیان نەبوو بۆ کەرکوک. بەڕێزم چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بە سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەتەکانی بەعس دەبێت لە کەرکوکدا کە ٣٥ سالە جێ بە جێی دەکات. پاش سڕینەوەی ئەو شوێنەوارانە دەکرێت ئەوجا باس لە خۆشەویستی و پێکەوە ژیان بکرێت. ئەم کێشەیەش بە تالآن و داگیر کردنی خانوو لە لایەن مەسئولینی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە ناکرێت بەلکە لە ڕێگەی دەزگای پسپۆر بۆ ئەم کارە ئەنجام دەدرێت. کاکە تاهیر هیوادارم لە وشەی پاکتاوی نەژادی تێگەیشتبی بزانیت ئەوەی دژ بە کورد دەکرا نمونەی ڕاست و دروستی پاکتاوی نەژادی بوو. کاکە تاهیر سەدان هەزار دەرکرا، سەدان هەزار عەرەب هێنرا، ناسنامەی هاوڵاتیانیان دەگۆڕی کورد دەکرا بە عەرەب، جگە لە کۆمپانیای نانە قەیسی هیچ جێگەیەکی کە بۆ کوردان نەبوو کاری تێدا بکەن، خوێندن و نوسین، قسە کردن و خوتبەی مزگەوت، تەنانەت نوسینی سەر قەبر بەعەرەبی بوو، تەنانەت شەرواڵ و ڕیش تا ئیعدامی لەسەر بوو. ئێستا دەبێت شوێنەواری ئەو پاکتاوە بسڕێتەوە ئەجا دەکرێت باس لە خۆشەویستی بکرێت. ئەم داخوازە لە گەل بیری کۆمۆنیزمدا یەک دەگرێتەوە ئەگەر ئەوان دژ بە هەموو چەوساندنەوەیەک بن. ئەم بۆچونەی بەڕێزت نەک لە خزموت کۆمۆنیزمدا نی یە بەلکە کۆمۆنیزم لەناو کوردا سوکە کەن. پاکتاوی نەژادی کێ ئەنجامی بدات هەر تاوانە. کاک تاهیر وەک پیشەی حزبەکەی بەناوی گەلەوە قسە دەکات و دەڵێت (ئەم خەلکە تێکڕا ئازادییان دەوێت، پێکەوە ژیانی ئارام و ئینسانیان دەوێ، وەک یەک بون و بێ جیاوازی ڕەگەزییان دەوێت) . نازانم کاک تاهیر ئەم ڕاپرسیەی چۆن ئەنجام دا و لەکام دەزگای وەر گرت چۆن زانی ئەم خەلکە ئەمەیان دەوێت دیارە ئاگای لە زنجیر وەشاندنەکەی کەربەلا نی یە. بەلێ کاکە تاهیر خەلکی کەرکوک وەک هەر مرۆڤێکی کە بەشێکی ئازادی و یەکسانیمان دەوێت بەڵام بەمەرجێک شوێنەواری ساسەتی ڕژێمی شۆفینی گۆڕ بە گۆڕ سڕابێتەوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لـەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**